## شه‌رفنامه‌ی بتلیسی

ئه‌م زنجیره‌ وتاره‌ی ئێمه‌ ناته‌واو ده‌بێ ئه‌گه‌ر تێیدا ئاماژه‌ به‌ ناوه‌رۆكی شه‌ره‌فنامه‌ی بتلیسی نه‌كرێت.
شه‌ره‌فنامه‌ یا مێژووی كوردان به‌داخه‌وه‌ ناوێكی له‌ بۆكان نه‌هێناوه‌ به‌ڵام به‌شێكی چه‌ند لاپه‌ڕه‌یی بۆ"فه‌رمانڕه‌وایانی موكری" ته‌رخان كردوه‌ كه‌ ئاشكرایه‌ له‌ بۆكان و ناوچه‌ی ده‌وروبه‌ریشی حوكماتیان كردوه‌ و ئه‌وه‌ش له‌ ساڵانی سه‌ده‌ی شازده‌هه‌می زایینی و سه‌رده‌می حوكمی سه‌فه‌ییه‌كان له‌ ئێران بووه‌. بابه‌ته‌كه‌ی شه‌ره‌فخانی نه‌مر به‌ سه‌یفه‌دینی موكری ده‌ست پێ ده‌كات و ده‌گاته‌ شێخ حه‌یده‌ری كوڕی میره‌به‌گ.
ئه‌م به‌شه‌، له‌ چاپی شه‌ره‌فنامه‌ی فارسی(قاهیره‌ و تاران)دا لاپه‌ڕه‌ ٣٧٢ تا ٣٨٢، له‌ ته‌رجمه‌ی كرمانجی خوارووی نه‌مر مامۆستا هه‌ژار دا لاپه‌ڕه‌ ٥٣٠ تا ٥٤٥ و له‌ ته‌رجمه‌ی كرمانجی ژوورووی كاك زیا ئه‌وجی دا لاپه‌ڕه‌ ٣٠٧ تا ٣١٤ ی داگرتوه‌، كه‌ ده‌بێته‌ به‌ندی سێهه‌م له‌ به‌شی دووهه‌م له‌ رووپه‌ڕی سێهه‌می شه‌ره‌فنامه‌.

١- شرفنامه‌ تاریخ مفصل كردستان، تالیف امیر شرف خان بدلیسی، با مقدمه‌ و تعلیقات و فهارس بقلم محمد عباسی، چاپ سوم، نشر حدیث، تهران ١٣٧٣(١٩٩٤)
٢-شه‌رفنامه‌ی شه‌ره‌فخانی بدلیسی، هه‌ژار كردوویه‌ به‌ كوردی،له‌ چاپكراوه‌كانی كۆڕی زانیاری كورد، به‌غدا، ١٩٧٣
٣-Sharfname – Tarixa Kurdistane ya kevn, Sharefxanê Bedlisî, Wergera Kurmanji ZIYA Auci, APec-Förlage Chap yekem Sweden ١٩٩٨
ISBN:٩١-٨٩٠١٤-٢٩-٤